بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار

## ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٥

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستـان – عێـراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ٢٣/ ٦/٢٠١٥ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید**

**لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

تاقانەی جینۆساید: ئەو کەسەیە لەکاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردستان، پاش شەهید کردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، بەتەنها ڕزگاری بوبێت.

**ماددەی (٢):**

یەکەم: تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی کچ و کوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، کە لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو دەقنووس کراون.

**دووەم:** لەکاتی کۆچی دوایی تاقانەی جینۆسایددا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەکرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید کە لە یاسای ئاماژە بۆ کراوی خاڵی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، بۆ وارسەکانی دەستەبەر دەکرێت.

**سێیەم:** وەکو رێزلێنان، ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاقانەی جینۆساید دروست دەکرێت و مەدالیایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.

**چوارەم:** چاودێری کردنی باری دەروونی تاقانەکانی جینۆساید و، چارەسەر کردنیان لە رێگەی کردنەوەی سەنتەری تایبەت دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

ئەو تاقانانەی جینۆساید کە کارمەندی هێزە چەکدارەکانن، لەکاتی شەڕدا نابێت بنێردرێنە بەرەکانی شەڕ.

**ماددەی (٤):**

پشت ڕاستکردنەوەی تاقانەی جینۆساید لەرێی لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك، دەبێت.

**ماددەی (٥):**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

کار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**
**٢٠١٥/٧/١٣**

## هۆیەکانی دەرچوواندن

تاقانـەکانی جینۆسـایدی کوردسـتان بەشـێکی گـرنگن لـە ناسـنامەی قوربانیـدانی گـەلی کوردستان و، بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، ئـەم یاسـاییە دانرا.